# وەختێتی

حەمەسەعید حەسەن

ئێستا کە ئەمریکا لە شارەکانی کوردستاندا بیرۆی کردووەتەوە و بە دەنگ سکاڵای هاووڵاتییانەوە دەچێت، وەختی ئەوەیە کەسوکاری قوربانییانی جەنگی ناوخۆ، لە کن مارینز، داوا لەسەر تاوانکارانی شەڕ تۆمار بکەن. پێش نۆی ئەپریل چونکە تاوانکارانی جەنگی ناوخۆ، خۆیان فەرمانڕەوای کوردستان بوون، دادگاییکردنیان کارێکی مەحاڵ بوو، وەلێ هەنووکە کە مارینز سەروەرە، پەلکێشکردنیان بۆ بەردەم دادگا، تەنیا پێویستی بە پێشکەشکردنی سکاڵانامەیەک و چەند بەڵگەیەک و یەک دوو شایەتە.

بە فەرمانی کێ سەرەتای ئایاری ١٩٨٣ لە پشتئاشان، دیلە شیوعییەکان قەلاچۆ کران؟ ئەوانە کێ بوون سێزدەی حوزەیرانی ١٩٩٤ سەروەختی هێنانەوەی تەرمی عوسمانی قالە مننەوەر، (سلێمانی)یان خەڵتانی خوێن کرد؟ بە فەرمانی کێ ئەبوبەکر عەلیی شاعیر، تیرۆر کرا؟ ئەوانە کێ بوون و بە فەرمانی کێ، لە شازدەی گوڵانی ١٩٩٧ دا، لە هەولێر، چەندان ئەندام و کادری (پەکەکە)یان قەتڵوعام کرد؟ بە فەرمانی کێ ٢٠٠٠/٧/١٤ لە سلێمانی، پێنج کۆمۆنیستی کرێکاری گوللەباران کران؟ کێ بوون ئەوانەی ڕەئووف کامیل، عەلی بۆسکانی، نەزیر عومەر عەلی و (ڕێناس)یان تیرۆر کرد؟ کەسوکاری ئەو قوربانییانە، بکوژانی ڕۆڵەکانیان دەناسن و پێویستە چی زووترە، سکاڵای خۆیان بخەنە سەر مێزی مارینز. ئەگەر نا ئەو تاوانکارانەش وەک خەزرەجی و بەرزنجی خۆیان بزر دەکەن.

نابێت تەنیا لەبەر ئەوەی بازرگانانی جەنگ داوای لێ بوردنیان کردووە، خەڵک لە خوێنی بە ناهەقرژاوی کەسوکاری خۆی خۆش ببێت. دەبێت هەڵگیرسێنان و جێبەجێکەرانی شەڕی ناوخۆ سزا بدرێن. تەنانەت ئەو قەڵەمکێشانەشی میرەکانی جەنگیان بۆ کوشتار هان دەدا، پێویستە وەک یاریدەدەرانی تاوانکاران دادگایی بکرێن. وەختی ئەوەیە شێرکۆ بێکەس لەسەر ئەوەی شیعری بە سەر شمشێری جەبار فەرمانی دیلکوژدا هەڵداوە، بدرێتە دادگا. وەختی ئەوەیە نەوشیروان مستەفا و مەلا بەختیار لەبەر ڕۆشنایی بیرەوەرییەکانیاندا، وەک دوو تاوانکاری جەنگ، دەستبەجێ قۆڵیان ببەسترێت و کیسەیان لەسەر بنرێت و بەرەو دادگا ڕاپێچ بکرێن.

2003. 07. 01